## وەڵام بۆ داخوازیەکانی سەربازی هەڵهاتوی نەناسراو!! .. دلێر محمود سابیر

سەرتان نەیەشێنم برایان پێم باش بوو بەڵێنەکەی خۆم بگەیەنمە جێی خۆی، هەرچەندە داخوازیەکانی ئەم سەربازە هەڵهاتووە لە یەك دابڕاوو بێ تەرتیبە. بەڵام وا من بۆی ڕێك ئەخەم و لەوەوە دەست پێ ئەکەم کە بۆچی ناوم لەو لیستەدا نەهاتووە کە بۆ پشتگیری لە دکتۆر کەمال سید قادر ڕێك خراوە هیوا دارم باش تێم بگات.

یەکەم: تۆ هەر کەسێکی برای ئازیز (بە ڕەغمی ئەوەی دەمت بۆنی. . . . . لێ ئەهات) با ئەوەت پێ بڵێم من بە شەخسی ناوبراوم نەدیوەو نایناسم و هیچ جۆرە ناونیشان و هەڵسەنگانێکم نیە دەربارەی، ئەگەر نوسینەکانیم خوێندبێتەوە تێی گەیشتووم چ ڕێبازێکی لە بواری نووسیندا گرتووە ئەوەش خۆی هەڵی بژاردووەو پسپۆرە تیایداو بە ڕەئی من ئەگەر ڕێگای نوسینی شیعری هەجووی بگرتایە کە بوارێکی کەمی لە هونەری کوردیدا هەیە و بە فەزلی شاعیری گەورەی کوردەوە (شێخ ڕەزای تالەبانیەوە) پڕ بۆتەوە ئەو کەلێنە وا بزانم هەرگیز کێشەی بۆ دروست نەدەکرد، بەڵکو لە سەر سەر دا ئەگیرا و ئەخرایە بان چاو. چونکە بابەتێکیم نەخوێندۆتەوە کە سەرو گوێی چەن کەسانێکی نەشێلا بێ و سەیریش ئەوەیە تەنها وەك بڵێی (بالتحديد) دەمی بەوان ڕاهاتووە و کردویەتی بە کەرەسەی نوسینەکانی و ڕۆژێك هەوڵی نەداوە تەشویشەکە بخات سەر کەسێکی تر کە ئەم تەرەف گیریە بەرەو پێشی نابات و نایخاتە لیستی نوسەرە گەورەکانەوە کە هەندێك موعجیبن بەو جۆرە لە نوسین چونکە لە دژی لایەنێکی سیاسی ئەی نووسێ و هاوکاری ئەکەن و هەڵی ئەدەن کە زیاتر بنووسێ تا بەرەو مەجهووولی بەرن وەك بردیان، سەیریش ئەوەیە لە پێشدا ئەو ڕێگایەی نەگرتبوو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نووسینەکانی زۆر لەمەو پێشی، تەنها لەو مەجالەوە وێنەکەیم دیوە و قسووریشم نەکردووە ڕەنگە نوسینێکیم نەپەڕاندبێ چ بە عەرەبیش بێ لە سایتێکی عەرەبیدا لە مەبەستی حاڵی بووم، کەواتە نوسەر بە نوسینەکانیدا دیارە و مەزەندە ئەکرێ ئیتر هەر ڕێگایەکی پێ باش بێ، ئەوسا جۆری نوسینەکانی تەحدیدی ناسنامەی ئەو نوسەرە ئەکات هەرچەندە نوسەرە بەڕێزەکانی تریشم فەرامۆش نەکردووە، نوسینی زۆربەیان بە ویژدانەوە ئەنرخێنم، ناشڵێم دکتۆر بە ڕاستی نوسەرێکە بێ وێنە بەڵام خسوسیاتی خۆی پەیوەستە بە خۆیەوە، قەڵەم هەیە سێبەرت بۆ ئەکات و هەیە کێشەت بۆ ئەخولقێنێ، کەسیش بە دەستی کەس نانووسێ و قەناعەتیشت بە هەر هەڵوێستێك هەبێ بیگریتە بەر ئەوە مەساری قەڵەمەکەت دیاری ئەکات ئەوجا خوار ئەیگری جۆرێك، ڕاست ئەیگری!! خۆت و ئەو ڕێگایە.

دووهەم:تۆ بۆت نیە و ڕێگەت پێ نادەم ئەگەر بە تەکلیف کردنیش بێ بە من بڵێی بۆ؟؟؟ ناوت لەو لیستەدا نیە؟!!!! عەجیب!!ئەگەر ئەم (بۆ چیەت) بە کەسێکی تر ووتوە زووکە قسەکەت سەحب کەرەوە با بە گێل و کەرت نەزانن چونکە ڕەنگە من بە دڵێکی گەورەوە قبووڵی بکەم بەڵام کەسێکی تر وەڵامێکی شافیت بداتەوە کە ڕەنگە مەزاجت تێك بدات بۆیە باشترە نەبیتە دەم ڕاستی کەس و فزوولی مەبە بۆ سومعەت ناگونجێ. (لە جێی سنگان قوزالقورت) لە بەر ئەو ووشەیەی کە ڕشایتەوە. ئەگەریش بە نێرە کەری پێم ئەڵێی بۆ؟ ئەوا چاك بزانە لە بەر لوتف و مەرحەمەتی جەنابت قەڵەمەکەم مل کەچ ناکەم بۆ

بابەتێك كە ئەسڵەن قەناعەتم پێی نیە و بابەخیشی پێ نادەم جا وا باشە لە وورگی خۆت بدەی!!

سێهەم: من ئەگەر دكتۆر بناسم یان نا موشكیلەی تۆ نیە، هەر خۆم ناخەمە ناو ئەو لیستەشەوە كە لێی ئەدوێن، ئەزانی بۆ؟؟ ڕەنگە سیناریۆكەی بەڕێز حەمە سەعید حەسەنت بە سەردا تێ پەڕیبێ یان موتابەعەت نەكردبێ باش، و لێی تێ نەگەیشتبی كە مەسەلەكەی گەیشتە ناو دادگای هەولێر كاتێ كە دەعوای لە سەر بوو بەرامبەر بەچی؟ دە بگەڕێرەوە بۆ ئەو زەمانە كە نزیكە و هێشتا بەركوڵە تا بزانی پاڵەوانی ئەو بە سەرهاتە لە پاشا بوو بە فەخری نوسەران لە كوردستانداو خەڵاتی ئاراسی وەرگرت لە لایەن هەمان ئەو پارتیەی كە جەنابت ئەتەوێ بە من ئیدانەی بكەیت و ئاكامیش وەك هەمان ئەو نووسەرانەی كە زۆر دڵیان خۆش بوو بە بڕیارەكەی بەڕێز حەمە سەعید حەسەن كە وەك هەمان شێوەی تەحەددای دكتۆر كەمال ووتی ئەگەڕێمەوە بۆ كوردستان، بە مەرجێ ئەو بە چاوی باز و نەترسانە ئەی ڕوانیە نێچیرەكەی كە هەڵمەتی بۆ ببات و هەموو نووسەرانیش چاك ئەم سنگ شێرە بە غیرەتەیان بۆ ئاشكرا بوو كەبە هیچ شێوەیەك دانی بە دادگای حكومەتی هەولێردا نەئەهێناو بە لاوازو بێ خیبرەو دادگای بنەماڵەی ناو ئەبرد و نوسەران شەربەتی فەرەحیان نۆشی و پیرۆزباییان لە یەكتر كرد و هەل هەلەیان كێشا ووەختە بوو تووشی شەرای مەرگ بن لە خۆشیدا كە ئیتر ناوبراو كەوتە پاقلەكەوە كێ دەربازی ئەكات لە ژێر دەستی پاراستن، خۆش ئەبێ ئەم ئاهەنگەت نەدیبێ كە بۆی ساز كرا دوای ئەو هەموو پێكدادانە بە جەرگ و بوێرانەو چاو نەترسیەی كە نواندی دژ بەو پارتیەی كە تۆیەكی بێ بەرنامە دژایەتی ئەكەی، ئەزانی مەوقیفی (ئەو) نوسەرانە چی بە سەرهات كە سەرچۆپیەكەیان گەرم كردبوو چاوەڕێی دیدەنی لاشەی پیرۆزی حەمە سەعید حەسەنی بچكۆلەی عەقڵ گەورەیان ئەكرد لەت و پەت كرابێ؟؟ واللە شەرمەزاری خۆی لەوان ئەشاردەوە. پێت وانیە ئەمەش سیناریۆیەك نەبێ؟

دە جارێكی تریش بێ زەحمەت ئەو ئەركە بكێشەو بگەڕێرەوە بۆ ئارشیفی سایتەكان و سەیری نوسینەكانیان بكە بزانە بەزم و هەراو سەرچۆپیەكەیان بۆ بووك گواستنەوەكە بە چی گەیشت!!چۆن خۆیان و پارتی و دەورو بەریان ڕەجم ئەكرد و بۆیان بكرایە هەموو نوسینەكانی پێش ئاهەنگەكانیان سەحب ئەكردەوەو هەر ئەیان سووتان، دوای ئەوە تەشویش خرایە سەر ئەوكەسەی كە لە سەر تەختەی شانۆ بە بەر چاوی هەموو ڕۆشەنبیرانەوە مەدالیای ڕێزو خۆشەویستی دا لە بەرۆكی ئەو كەڵە نووسەرە و هێرش كرایە سەر موقەددەساتی خۆی و بنەماڵەكەی.

قەناعەتیشم هەیە كە چەند نوسەرێكیان ئیتر عەزمی نەما نوسینیش بڵاو بكاتەوە و هەر پاشە كشەیان كرد لە نووسین، چونكە دوای ئەو خۆ خورانە چی تر ما بینووسن؟، پەنجەیان ئەلەرزی جارێكی تر بتوانن قەڵەم بگرن!! دوای ئەو هەموو هەراو هوریایەی كە كردیان و ڕەنجەكەیان بە فیرۆ چوو، كە خودی بەڕێز نێچیرڤان بەرزانی خەڵاتەكەی پێ بەخشی، ، بۆ من ئەوەندە گێلم نەزانم چی لە پشت پەردەوەیە، یان تۆ تەفرە دراوی هەی خەجاڵەت بی!!
، تا ئێرە تێگەیشتبی ئەوا من مەمنوون. هێندە ئاسان نیە تۆ بتوانی لە خشتەم بەری و تۆش پەڕۆیەك لەو نوسەرانە دادڕەو لە گۆمی مەنگدا مەلە مەكە، پێش ڕوودا و مەكەوە،

من تەنها یەك شت ئەڵێم وەری گرە وەك ئامۆژگاریەك، لەم جۆرە حاڵەتانەدا سنگ مەكوتە پێشەوەو با پریشكت بەر نەكەوێ دوایی لە سەرت ئەبێ بە ماڵ و پەشیمانی دادت نادا هەروەك دڵنیام كە نوسەریش نیت. بەڵام سەرت لە ئاشوب ئەخورێ و ڕووی دەمت وەرگێرە و بزانە هەموو باڵندەیەك گۆشتی ناخورێ، ئێستا ئەزانی من بۆ خۆم لە قەرەی ئەو كێشەیە نادەم، مێژوو لای ئێمە ئامانی نیە بۆ دە جاری تریش خۆی دووبارە دەكاتەوەو هەر جارەش بە فارس الفرسانێك كۆتایی بە مەشهەدەكان دێت، ،
ڕەنگە تا ئەم دێرەی خوارەوە لووتت دابێ لە بەرد بەڵام بۆ تەسكینی دڵ و مێشكت با ئەو دوو دێرەت لە هەجوو بنێرمە خزمەتت. (بێ گومان دوای مۆڵەت وەرگرتن لە كاك عمر فارسی بەرێز، كە پرسم بە خۆی كردوە نەك بمەوێ سایتە بەرێزەكەی بكەمە گۆڕەپانی شەڕە جنێو لە گەڵ ڕێزم دا)

بۆچی وا مات و مەلوولی، ماكەرانە كار دەكەی
هەر ئەڵێی تیاتا شكاوەو بۆ جەهەننەم بار دەكەی
چەن بە چەن پاڕامەوە لێت بۆچی ڕەشمار هار دەكەی
تاكو هات پیاتا گەزی ئنجا خەیاڵی پار دەكەی!!!
جا باشتر نەبوو هەر چاكت نەكردبایە بۆ ئەوەی خراپ نەبێ؟؟؟؟
دوا بەشی بۆ سبەینێ، ، من چاوەڕێتم!.